سەید حەکیم: دڵنیایی دان پێکهاتەکان و ڕوو بەڕوو نەوەی تیرۆر و چارەسەرکردنی کێشەی چەکی دەرەوەی دەوڵەت گرنگترین ئەو ڕکا بەریانیا نەی کە پاش کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی ل□ پێش عێراق دایە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت، لە میوانخانەی شێخ ئەلبومحەمەدی بەڕێز و لەوێش لە میوانخانەی تایبەتی شیخ سەعد مەجید ئەلخەلیفە پێشوازی لە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزی بو محەمەد هۆزەکانی دیکەی ناوچەکە کرد، سەماحەتی ل□ دەستپێکی قسەکانی باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان خانەوادەی حەکیم و هۆزەکانی بومحەمەدی کرد و ڕوونیکردەوەش کە ئیمامی حەکیم هەمیشە بە بایەخەوە سەیری پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکان کردوە و ئەو بنەمایەش لە باپیرانەوە بۆ نەوەکان وەك میراتێك و کەلتوورێك دەمینێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد بە گرنگی ئەم پەیوەندییە بۆ ئەو چاکەیەی کە بەسەر وڵات و گەلدا دەهێنێت، هەروەها بۆ تێپەڕاندنی زۆرێک لە ئاستەنگەکان.
بەرێزیان ڕایگەیاند کە عێراق بە ڕکابەری و ئاستەنگی گەورەدا تێدەپەڕێت لە ئەنجامی شەڕی ناوچەکە و ئەو دۆخە ناسەقامگیرییەی کە ناوچەکە شاهیدییەتی، ئەمەش پێویستی بەوەیە هەمووان هێزی خۆیان بەهێزتر بکەن و یەکێتی و یەکگرتوویی ناوخۆیی بپارێزن.
.
بەڕێز حەکیم جەختی لە پێویستی هاوسەنگی لە مامەڵەکردن لەگ□□ □وداوەکانی ناوچەکە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندی هاوو□□تیان و پشتگوێ نەخستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هێنراون، ئەمەش دوای سا□□انی دژوار هات کە لەم ماوەیەدا عێراقییەکان قوربانیی گەورەیان دا.

بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە خۆپیشاندان مافێکە کە دەستووری عێراق بۆ هەمووان گەرەنتی کردووە، هەروەها هۆشداریشیدا ل□ قۆستنەوەی خۆپیشاندانی داواکاری ڕەوای لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئەجێندای تایبەتیان هەیە و دەیانەوێت دەستکاری ئاسایشی وڵات بکەن.
.
بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە کۆتاییهێنان بە ئەرکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش عێراق دەخاتە بەردەم سێ تەحەدای بنەڕەتی:

یەکەم: دڵنیایی کردنەوەی پێکهاتەکانە

هیچ عێراقییەک، بە هیچ پاشخانێکی نەتەوەیی، ئایینی و تائیفی، نابێت هەست بە دڵەڕاوکێ بکات لە ڕۆیشتنی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، لێرەوە دەبێت یەکتر دڵنیا بکەینەوە و مافی هەمووان بپارێزین و بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە شێخەکانی خێڵ و نوخبەی خەڵک کە نوێنەرایەتی بناغە و پایەکانی کۆمەڵگا دەکەن، بەشێکی زۆر لە بەرپرسیارێتی لە ناردنی پەیامی دڵنیاکردنەوە و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی هەڵە لە ئەستۆ دەگرن..

.

دووه□م: □کابەری ئەمنی

بەڕێزیان جەختی لەسەر پێویستی وریابوون لە شانە تیرۆریستییە خەوتووەکان کردەوە، و سەرکوتکردنی هەریەکێک لە بزووتنەوەکانیان بە چڕکردنەوەی هەوڵە هەواڵگرییەکان و وشککردنەوەی ئینکوباتۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان بە دڵنیاکردنەوەی هەمووان و ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسی بزووتنەوەکانی گروپە تیرۆریستییەکان..

ماه□□□کردن لەگەڵ چەک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت:سێیەم

سەماحەتی سەید حەکیم زەروورەتی درێژەدان بەم هەنگاوەی ڕوونکردەوە، بەمەرجێک هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە ئەم شتەیان هەیە و بەدی دێنن، هاوکات سوپاس و پێزانینی ڕۆڵی فراکسیۆنەکانی کرد لە ڕزگارکردنی خاک لە دەستی داعش، و قوربانیدانی گەورە لەو ئاراستەیەدا بەرز نرخاند.